Kurdistan net کوردستان نێت

# حەمەنامە 18 سلێمان عەبدوڵڵا یونس / بەریتانیا



ماوەیەکە هەولێر بووەتە ئامانجی تیرۆرستان و لە جەژنی قوربانی ساڵی پارەوە ئەمە سێیەمین کاری تیرۆریستیە کەکارەسات بەسەر ئەو شارە دەهێنی و سەرجەم کوردستان ڕەشپۆش دەکات ، نێوانی دووەمین کاری تیرۆرستی و ئەوەی ئەمڕۆ 2005/6/20 تەنها 45 ڕۆژە واتە تەنها پێنج ڕۆژ بەسەر چلەی شەهیدانی 4ی مایسی ئەمسالدا تیدەپەڕی کە لەکردەوەیەکی تیرۆریستی دیکەدا زیاتر لە 150 کەسی دیکە بەرکەوتن و کە لە نێویاندا 13 شەهید و 102 بریدار هەنە .

لەکردەوە تیرۆرستیەکەی جەژنی قوربانی ساڵی پاردا کە کرایە سەر لق و مەڵبەندی پارتی و یەکێتیی لە هەولیر ژمارەیەکی زۆریش قوربانی لێکەوتەوە ، کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەپەلە پەیوەندی بەکاک حەمە سەعید حەسەن ە وە کرد ، وەکوو بەڕێزیان پسپۆڕێکی بواری سکیوریتی یان ئەسفەرێکی خاوەن ئەزموونی نێو دام ودەزگاکانی ئاسایش بێت و بتوانێ ئامۆژگاری بەکەڵک لەو بارەیەوە بخاتەڕوو ، من بەشبەحاڵی خۆم گلەیی لەوە ناکەم کە ئەو بەڕێزە نەیتوانی هیچ ئامۆژگاریەکی بەکەڵک بدات ، چونکە ئەمە کاری ئەو نیەیە ، بێگومان هەڵەی زەق ، هی کوردستان تیڤی بوو کە نەیتوانی بوو کەسی شیاو دەستنیشان بکات بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری بەکەڵک یان زانیاری ڕاست و دروست لەو بوارەدا ،لەوانەیە هەڵەکەی کوردستان تیڤی زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کەکاک حەمە سەعید حەسەن جگە لەوەی کە خۆی بەمەرجەعی زمانی کوردی و شاعیر و ساتیر نووسی هەرە مەزن و لێکۆڵیاری سیاسی

و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری بێ ڕکابەری کوردستانی و نوسەری ناوداری کورد دەزانی ، لە هەمان کاتیشدا خۆی وەکوو چاودیرێکی سیاسی شارەزا و کارامە پێشکەشکردووە ، بەڵام لێرەدا کوردستان تیڤی ئازیز نەیتوانووە نیشان بپێکی ، چونکە جارێ پسپۆڕی و پرۆفشناڵی کاک حەمە سەعید حەسەن لەبواری دژایەتی کردنی مام جەلال و یەکێتییەیە ، هەربۆیەش بوو نەک هەر نەیاتونی هیچ ئامۆژگاریەکی بەسوود بدات بەڵکوو نەیتوانی وەکوو ڕووناکبیرێکی ناسراو هەڵوێستی ڕوونی خۆی بدات ، جگە لەوەی کە نەیتوانی خاڵ لەسەر پیتی کەم و کوڕیەکانی ناو دامودەزگاکانی ئاسایش دابنێ.

لەو چاوپێکەوتنە تەلەفۆنیەیدا لەگەڵ کوردستان تیڤی کاک حەمە سەعید حەسەن نەیتوانی بە جەسارەتێکی ڕووناکبیریانەوە بڵێ کەم وکورتیەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم لە هەولێری پایتەخت لەوەدایە کە تەزکیەی حیزبایەتی و عەقڵی تاک حیزبی ، هەناسەی لەبەر ئەو دەزگا گرنگەی کوردستان و دامەزراندن و چونە پێشی کەسانی کارامەو شارەزا و بەئەزموون و دڵسۆز بڕیووە ، نەیتوانی بڵێ گەندەڵی ئیداری و ڕۆتین و بەتاڵان بردن و دزینی قوتی خەڵک ، ئەگەرچی دیاردەیەکی کوردستانی و هەرێم وگیرە ، بەڵام نابێ ئەم خۆرکەیە دەزگا سکیوریتیەکانمان بگریتەوە ، بە تایبەت لە پایتەختی هەرێمەکەمان ، کە لە زۆر لاوە چاوی ناحەزی تێبڕاوە و ، هەر کەم و کوڕیەک لێی بە کەموکورتی سکیوریتی لەسەر ئاستی هەموو هەرێمەکەمان لەسەرمان ئەژمار دەکرێ ،نەیتوانی بڵێ پەرت بوون و دووکەرتبوونی دەزگای ئاسایشی هەریم بەسەر دوو هێڵی تەریبی سەوز و زەرد و خەریک بوونیشیان بەچاودێری کردنی یەکتریەوە ، دەرفەتیان ناداتێ چاودیری نەیارانی دەرەکی و تیرۆریستە ڕاستەقینەکانی ناو ماڵەکەی خۆمان بکەن ، نەیتوانی یان بەئەنقەست بەمەبەست ڕیگەی بەخۆی نەدا بەراوردێکی ئاستی ئاسایش و ئارامی لە نێوان ئەو دوو هێڵە تەریبەی سەوز و زەرد بکات یان سەرنجی دەزگای ئاسایشی هەولێر بۆ کەڵک وەرگرتن و هاوکاری و هەماهەنگی لە گەل دەزگای ئاسایشی سلیمانی ڕابکێشێ ، ئەو هەموو حیکمەتەی ئەو بەڕێزە نواندی لەو چاوپێکەوتنە تەلەفۆنیەدا ، شکاندنی شانەیەک بوو لەسەری وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر و فەرمووی ئەگەر ئەم کارە لە وڵاتێکی وەکوو سوید بوایە یەکسەر وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەیاند .

ڕاستە وەزیری ناوخۆ ڕوو بە ڕووی بەرپرسیاریەتێکی زۆر دەبێتەوە بەلام ئایا بەڕیز سەرۆکی حکومەت ڕووبەڕووی یەکەمین بەرپرسیارێتی نابێتەوە ؟ ئەی بۆچی کاکە حەمە جەسارەت ناکات لەکات و ساتێکی ئاوا گرنگ دا کە چاوی هەموو کورد لەسەر شاشەی ئەو تەلەفزیۆنەیە ، لەکارەساتێکی ئاوادا ڕاستیەکان وەکوو خۆی بڵێ ، کەئەرکی ئەوە وەکوو ڕووناکبیریک بیانڵێ ؟ ئایا ئەمە چ هەڵوێستێک و چ جۆرە جەسارەتێکی ڕۆشنبیرانەیە لەسەنگەری بەشیک لە دەسەلاتەوە تەقەی کوێرانە لە بەشەکەی دیکەی دەسەلات بکەیت ، یان لە قەلای ستایش و پیرۆز کردنی باوکەوە تیر لە کوڕانی بگریت ، یان لەپەنای سەرۆکی وەزیرانەوە شانە لەسەری وەزیرەکانی دا بشکێنی .

گرنگ ئەوە نیە لە هەموو دیزەیەک ئەسکوێ بین ، گرنگ ئەوە نیە لە هەموو بوارێکدا قسەبکەین یان هەڵبدەینێ ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، لەو بوارەی قسەی تێدا دەکەین یان تێیدا دەنوسین ، چەندە دەتوانین وا بکەین شوین پەنجەمان بەسەر ئەو کارانەوە دیاربێت ، یان چەند دەتوانین وا بکەین ئەوەی کە دەیلێین یان دەینوسین بزانین چەند بەکەڵک و بەرهەم دارە ، یان چەند دەبێتە جێگای متمانەی ئەوانی دیکە ، گرنگە بۆ نوسەر یان روناکبیر لە نوسیندا ، ئەوەی بیری لێ بکاتەوە هەقبێژی و ڕاستگۆیی بێت ، کەئەمە پەیامی یەکەم و هەرەگرنگی نوسەرانی ڕاستەقینەو داهێنەر بووە لە زەمانی سەرهەڵدانی فکر و فەلسەفە و ڕووناکبیریەوە هەتا ئەمڕۆ ، نەک وەک بەڕێز حەمە سەعید حەسەن کە کۆتی خەلات و دەست لە پشت دانی دەسەلات هەمیشە قەڵەمەکەی بەلاڕێدا دەبات و واشی لێ دەکات بەناچاری دەست لەهەموو کونێک وەربدات .

ئەگەرچی بەلای منەوە گرنگ نیە بۆ ئەمریکا بەرێز بارزانی یان بەرێز تاڵەبانی جیگای بایەخە ، هەروەکوو چۆن بەلاشمەوە گرنگ نەبوو فرۆکەکانی ئەمریکا کە خاتوو کۆندۆلیزا رایس یان هەڵگرتبوو لە هاوینەهەواری سەلاحەدین یان هاوینەهەواری دوکان یان قەلاچوالان نیشتنەوە ، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو شوێنەیە کە کورد لەنێو نەخشەی ڕۆژهەلاتی گەورە لەناو دۆسیە و ئەجندا سیاسیەکانی ئەمریکاو هاپەیمانەکانی بۆ ئەو ناوچەیە هەیانە بۆی دیاری دەکرێت ، جائەم دیاری کردنە لەڕێگای بایەخی تاڵەبانی یان بارزانی بێ بۆ ئەمریکا دیسان بۆمن گرنگ نیە ، ئەگەرچی لەو باوەڕەدام هەردوو بەڕیزان

بەیەکەوە و لەگەڵ هەردوو پارتەکانیان دا بۆ ئەمریکا جێگای بایەخن ، هەر بۆیەش لەم بەراوردکاریەی کە وەکوو نموونە بۆ بەڕێز کاک حەمە سەعید حەسەن دەیانهێنمەوە بە هیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوەنیە بڵێم بەڕێز تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ زیاتر جێگای بایەخی ئەمریکایە وەک لە بەڕێز بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، بەڵکوو تەنها دەخوازم بەکاک حەمەسەعید حەسەن بڵێمەوە کە چەند کۆڵەوارە لە دنیای سیاسەت و پەیوەندی و نەریتە دیپلۆماسیەکان ،چونکە لە سەردانی کۆندۆلیزا ڕایس بۆ لای سەرۆکی هەرێم و سازدانی گۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵیدا ، وای لێکدایەوە کەئەمە نیشانەی بایەخی زیاتری ئەمریکایە بۆ بارزانی ، مادام خاتوو کۆنۆلیزا ڕایس گۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تاڵەبانی دا نەکرد ،ئەگەرچی لە بەشەکانی دیکەی حەمەنامە دا وەڵام دایەوە بۆیە ناخوازم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە ، بەڵام ئەوەی کەلێرەدا دەخوازم بیڵێم ئایا بۆچی سەرۆک بۆش لە ڕیگای تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقەوە کە هاوتای دیپلۆماسی خۆیەتی پیرۆزبایی لە بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کرد ، ئەی بۆ ئەمەیان کاکە حەمە چی دەڵێ ؟
ئەگەرچی من لەناخی دڵمەوە دەخوازم سەرۆکی هەریمەکەی ئێمە لە سەر گەورەترین ئاستی دیپلۆماسی پێشوازی و پشتیوانی لێ بکرێ و ، ئەو هەڵوێستەی تاڵەبانش بەرز دەنرخێنم کە بەهەموو توانایەکەوە لە پشت دروستکردنی ئەو شوێنە شایستەیەیە ، کە هەموو خەڵکی کوردستان دەخوازن سەرۆکەکەیان هەیبێ ، سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسیش لە کۆشکی کۆماری لە گەڵ سەرۆکی هەرێم دا شکاندنی ئەو بەربەستانەیە لەعێراقەوە و کردنی ئەو سەرۆکایەتیەشە بەدیفاکتۆی کوردستان بەر لە داڕشتن و نوسینەوەی دەستوری عێراق ، ئایا بۆچی کاک حەمە سەعید حەسەن ئەم ڕاستیانە بۆ مێژوو ناخاتە ناو جەلالینامە و سەرکۆمارنامەکەی یان کتێبەکەی سەرۆکی هەرێم ، خۆ بەڕیز بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و بەنوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانیش بۆ یەکەم جار لە پەرلەمانی عێراق دا بەعەرەبی هاتە گۆ ، ئەی بۆ کاک حەمە سەعید حەسەن نقەی لێوە نەهات ، ئەگەر چی بۆمن ئەوە گرنگ نەبوو کە بارزانی سەرۆکی هەرێمەکەی خۆمان یەکەمجار بە عەرەبی و دواتر بە کوردی وتاری خۆی خوێندەوە ، بەقەد ناوەرۆکی وتارەکە کە لە دەنگی دلێرانەی خەڵکی کوردستان دەچوو لە زاری یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە و بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی پەرلەمانی عێراقدا .

بۆئەوەی بەڵای تیرۆر لە وڵاتەکەمان دووربخەینەوە بۆ ئەوەی ریگە بگرین لە کارەساتی دیکەی خوێناوی پێویستە ڕووناکبیرانمان بەدەنگێکی بەرزتر داوای هەرچی زووتری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەریم بکەین ، یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە ، نەک بەناوی یەکگرتنەوەوە کڵاوێکی دیکە بخرێتە سەری خەڵکی کووردستانەوە و وەزارەتە گرنگەکان لە ناویشیاندا وەزارەتی ناوخۆ ، لەژێر پەردەی دانانی وەزیرێکی هەرێم دا بۆی هەر بە دوو کەرتی و دوولەتی بمێنێتەوە ، با کاک حەمە سەعید حەسەن سەرقافڵەی کارێکی لەو چەشنە بێت نەک شتی لاوەکی و تاکەکەسی و بریندارکەر ، کەنەک هەر خێر بۆ کورد نادەنەوە بەڵکوو شەڕی کورد کوژەشی بۆ دێنێتەوە بەر دەرگا .

slemanyunes@yahoo.co.uk